# کاری دەستی بۆ مەرکانەی گوڵ بە مۆم

کاری دەستی، لەلای خانمان بەیەکێك لەجوانترین بەهرەکانیان دادەنرێن، تەنانەت کاری دەستی لەلای خانمان زیاتر جوانتر و ڕازاوەتر دەردەچێ، لەوەی کاتێك پیاوان ئەنجامی بدەن، بەم شێوەیە دەکرێ سوودێکی گەورە وەربگرین لەکاری دەستی خانمان، ئەمەش لەو کاتەدا کە هەر خانمێك بیەوێ کارێکی جوان دروست بکات، یەکێك لەو کارە جوانانە دروست کردنی مەرکانەی گوڵ بەمۆمە، کە کەرەستەیەکی جوانە و جێگەی گرنگی دەبەخشێ لەماڵ و دەکرێت لەدیکۆرێکی ماڵدا بەجوانییەکی خنجیلانەوە دابنرێت، ئەمەش دەکرێ بەسادەترین ڕێگە دروستی بکەین، ئەویش بەم شێوەیە:

- سەرەتا دوو پەرداخ دەهێنین کە یەکێکیان لەوەی دیکە گەورەتر بێ، لەگەڵ گوڵێکی جوان، گوڵەکە دەخەینە ناو بەرداخە گەورەکە، دواتر بەرداخە بچووکەکەی لەسەر دادەنێن، واتە لەسەر گوڵەکە، پاشان مومێکی بچووکیش دەخەینە ناو بەرداخە بچووکەکە، دواتر دەورووپشتی مۆمەکە بەگوڵی دیکە پڕ دەکەینەوە، بەم شێوەیە جوانترین مەرکانەی گوڵ بەمۆممان بۆ دروست دەبێ، کە دەکرێ لەگشت شوێنێك دابنرێ لەماڵدا.



# ستایلی کراس بۆ نیشان و مارەبڕین

لەژیانی خانماندا چەندین بۆنە و یادی تایبەت و گشتی هەن، هەر یەکێکیش پێویستی بەدانانی کاری تایبەت بەخۆیەتی و ئەمەش وادەکات کە لەهەر بۆنەیەکدا کارێکی جوان ئەنجام بدات، یەکێك لەو بۆنە و یادە گرنگانەی لەژیانی خانماندا هەیە، ئەویش ڕۆژی نیشان و مارەبڕینە، بۆیە لەو بۆنانەوە خانمان دەبێ بەو پەڕی جوانی و تەنانەت وەك شازادەیەك دەربکەون، ئەمەش وادەکات کە ببێتە یەکێك لەجوانترین خانمانی بۆنەکەی، زیاتر لەو بۆنە تایبەتانەوە کراس مۆدەیەکی جوانە و تایبەتە، کە دەبێتە جێگەی جوانی و ڕازاوەیی لەبۆ هەر خانمێك. ئەو کراسانەی بۆ بۆنەکانی وەك نیشان و مارەبڕین دەپۆشرێن، دیمەنێکی ناسکیان هەیە، تەنانەت شێوەیەکی بەرچاو و ڕازاوە دەبەخشن، لەم ڕێگەیەدا دەکرێ سوود لەجوانی ڕەنگەکان وەربگرین، ئەو ڕەنگانەی زیاتر بۆ ئەو بۆنانە بەکاردەهێنرێن بریتیین لە: سوور- هەناری- پەمەیی تۆخ- مۆر- وەنەوشەیی، ئەو ڕەنگانە دەبن بەشای ڕەنگەکان بۆ ئەو جۆرە کراسانە، کە جێگەی جوانی و ناسکی خۆی دەنوێنێ. هەروەها شێواز و ستایلی کراسەکە گرنگی خۆی هەیە، ئەمەش بەپێی ئەو کەسە هەڵدەبژێردرێ کە دەیپۆشێ، بەڵام گرنترین شت ئەوەیە کراسەکە بەپێی قەبارە و شێوەی جەستەی خۆتەوە بێ نەوەك گەورەتر یان تەسکتر بێ، کە دەبێتە هۆی شێواندنی جوانیت.











# کەلانگوچک یان ئەنگوستک لەکراسی کوردی







کراسی کوردی، لەگەڵ ئەوەی جلێکی کۆن و کلتورییانەی کوردییە، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاری جوانتری بۆ دەکرێ و مۆدەی تازەی دەکەوێتە دەرەوە، ئەمەش وادەکات کە ببێتە یەکێك لەجوانترین جلوبەرگەکان لەناو کوردا، بەم جۆرەی کە گشت کەلوپەل و ئێکسسوار و بەشەکانی کراسی کوردی پێویستی بەجوانکاری و دیمەنێکی ڕازاوەوە هەیە، ئەمەش وادەکات کە ببێتە دیمەنێکی جوان لەجوانی جلی کوردی، بەشێك لەکراسی کوردی کە دەکەوێتە سەر دەست یان ئەو پارچە قوماشەیە کە لەگەڵ جلەکە بەیەکەوەیە و کەچی لەسەر دەست دەوەستێ، پێیدەگوترێ: کەلانگوچك یان ئەنگوستك کە لەزمانی خەڵکەوە ناسراوە. ئەو کەلانگوچکە دیمەنێکی ڕازاوەی هەیە، تەنانەت ئێستا زۆربەی خانمان لەکراسی کوردی بەدی دەکەن و داوای دەکەن، ئەم کەلانگوچکە، دوو سوودی هەیە لەڕووی جوانی و سوودی خۆیەوە، یەکەمیان: کاتێك بۆ جوانی کاری پێدەکرێ، دەکرێ لەسەر دەست بەر بدرێتەوە و بەشێوە شل و نەرمەکەی دیمەنێکی ڕازاوە تۆمار دەکات، سوودی دووەمیشی، لەکاتی ئیش و کاردا، ئەو کەلانگوچکە لەپشت دەبەسترێ ئەمەش خۆش و ئاسان دەبێ بۆ جووڵە کردن و هەستان و دانیشتن.




# نینۆک بەزەنگیانە





مۆدەی نینۆك ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەمۆدەی تازە و جوان دەردەکەوێ، ئەمەش وادەکات کە ببێتە یەکێك لەجوانترین ستایلەکانی جوانی لەدەستی خانمان، کە مایەی جوانی و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، بۆیە دەکرێ لەنزیکترین دیمەندا ئەو جوانییە بەدی بکەین و بەڕواڵەتی خۆیەوە ڕازاوەیی خۆی بنوێنێ، یەکێك لەتازەترین مۆدەکانی نینۆك، کە تا ئێستا نەگەیشتۆتە جیهان، تەنانەت لەچەند وڵاتێکەوە کاری لەسەر کراوە، ئەویش ڕازاندنەوەی نینۆکە بەزەنگیانە، ڕەنگە بیرۆکەیەکی سەیر بێ، بەڵام کاتێك تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجام دراوە، بۆتە یەکێك لەجوانترین مۆدەکانی پێشوو کە بەنەخش و دیمەنەوە نینۆك دەڕازانرایەوە. ئەمەش کاتێك لەگەڵ بۆیەکردنی نینۆك بەهەر ڕەنگێکی بۆیە بێ، دواتر ئەو زەنگیانانە دەخرێنە سەر نینۆکەکە تاوەکو لەگەڵ بۆیەکە جێگەی خۆی بگرێ، بەڵام دەبێ ئەو جۆرە بۆیە بەکاربهێنرێ کە زنگیانەکە بگرێ. شێوازەکانی ئەو مۆدەیە لەچەند ستایلێکەوەیە، ئەمەش لەم مۆدانە بەدی دەکرێ: دەکرێ لەگەڵ گشت نینۆکی پەنجەکان بەکاربهێنرێ، یان تەنیا پەنجەیەك لەو زەنگایانانە دابنرێ، وەك لەوێنەکاندا دەبینن کە جوانترین دیمەن دەبەخشن.

# هەڵبژاردنی ڕەنگ بۆ قژ

دانانی هەر مۆدەیەکی بڕینی قژ، یان ئامادەکردنی تەسریحەیەکی تایبەت بۆ قژ، لەگەڵ جوانی و ڕازاوەیی لەمۆدەی قژدا دیاری دەکرێ، گرنگە کاتێك ڕەنگی قژ تایبەت و ئامادەکراو بێ، تەنانەت ڕەنگ کاریگەری خۆی هەیە و دەکرێ سوودێکی گەورە لێ وەربگرین لەجوانی ڕەنگی قژ. هەندێك هەڵە هەن کە دەبێتە هۆی ناشیاوی مۆدەی قژ، کە وادەکات زیاتر دیمەنی ڕووخسارت بگۆڕێ و ئەو جوانییەی خۆت لەدەست بدەی، جوانترین ڕەنگەکان بۆ قژ لەگەڵ وەرزی بەهار ئەو ڕەنگانەن :سوور و قاوەیی تێکەڵ – زەردی لەشێوەی زێڕ – ژێرەوەی قژ لەزەرد و تاڵی سوور لەسەرەوە – تێکەڵی نێوان زەرد و ڕەش کە بەڕەنگێکی تۆخەوە بێ- ڕەنگی ئاگری ئەویش ڕەنگێکی جوانە بۆ قژ لەو وەرزە. هەوڵبدە ڕەنگی قژت بەجوانییەکەوە بێ، چونکە ڕەنگی قژ پابەندە بەڕەنگی ڕووخسارەوە، یان دەکرێ سوود وەربگرین لەگونجاندنی ڕەنگی قژ لەگەڵ ڕەنگی جلەکان، کە دیمەن و شێوازێکی جوان و ڕازاوەی هەیە، بەڵام ئەوە گرنگە کاتێك هەر خانمێك بیەوێ چ جۆرە ڕەنگێك بۆ قژی هەڵبژێرێ بەمەرجێك لەگەڵ شێوەی خۆی بگونجێ و پێی جوانتر بێ.



# قەوان ئامێرێکی کۆن و پڕ جۆش

ئامێری قەوان ئەو کەرەستە دەگمەنە کۆنەیە کە وەك هۆکارێك بۆ گوێگرتن لەئاواز مۆسیقاو گۆرانی بەکاردەهات، ئامێری قەوان مێژوویەکی لەمێژینەی هەیـــە لەهەگبەی فۆلکلۆری و هونەری کوردی، قەوان بەدەنگێکی زۆر نایاب و خۆشـــەوە دنیایەك وێنە و خەیاڵی جوانی بۆ جێهێشـــتووین، قەوان کە لەجێگەی ســـی دی ئێستایە لەڕێگەی ئەو ئامێرەوە دەخوێندرایەوە، تۆمارکردنی ئاواز و مۆسیقا لەسەر قەوان لەڕێگەی تۆمارگەی تایبەتەوە ئەنجام دەدرا کە بەشێوەی بازنەی خولاو تۆمار دەکرا، ئەوەی شایەنی باسە بەهێزی و توانای مانەوەو درەنگ تێکچوونی تایبەتمەندی بەرزی ئەو ئامێـــرەن، کە ئەو ئامێرە بە قورمیش کار دەکات و لەچەند بەشـــێك پێکهاتووە، تیری دەنگ وەرگر، بڵندگۆی دەنگ و ســـندووقی قەوان، پێش ئەوەی قەوانەکە بخەیتە ســـەری، دەبێ هەندێك قورمیشـــی بکەی، دواتر قەوانەکە دەخەیتە ســـەر شوێنی خۆی کە دەخولێتەوە، پاشـــان تیری دەنگ وەرگرەکە دەخرێتە سەر سەرەتای قەوانەکە کە دەست بەڕاکێشانی دەنگەکە دەکات بۆ ناو بلْنگۆیەکە، ئەو بڵندگۆیە، کار دەکات لەبەرزکردنەوە و گۆڕینی دەنگی ســـەر قەوانەکە بۆ دەنگێکی بەرزتر کە مرۆڤ گوێی لێدەبێ، بەم جۆرە ئیتر قەوانەکە دەخولێتەوە تاوەکو تیری میوزیکەکە دەگاتە کۆتایی قەوانەکە و ئیتر گۆرانی بێ یان ســـروود یان هەر شـــتێك کۆتایی پێدێ، دەنگی قەوان خۆش بووە و تەنانەت لەچایخانەکان دادەنرا و لەسەرەتادا کەم بووە، بەڵام دواتر لەزۆربەی ماڵەکاندا هەبووە، کە ئامێرێکی جوان و خنجیلانەیە و تەنانەت تا ئەمڕۆش بەشێوەیەکی زۆر کەم دەبینرێت و گوێ لێوە دەگیرێ، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای سەردەمەوە.

## چـــۆنیەتی دروستکردنـــی کڵاشی کورد



دروســـتکردنی کڵاش، کاری بەدەست دروســـتکردنی پێڵاوێکـــی تایبەتمەندە بەکـــورد کە بـــەکڵاش ناســـراوە، دروستکردنی کڵاش دەگەڕێتەوە بـــۆ (٥٠٠) ســـاڵ لەمەوبەر جگـــە لەپیـــاوان ئافرەتانیش بەشـــدارن لەدروســـتکردنی و زیاتـــر لەناوچەی ســـلێمانی و دەروبـــەری دروســـت دەکرێ، بەتایبـــەت لەهەڵەبجـــە وەك مەڵبەندێکـــە بـــۆ دروســـتکردنی چەنـــد جـــۆر کڵاشـــی نایـــاب، کڵاش لەکۆندا و لەئێستاشدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت، لەشۆڕش و ڕاگواستن و کارە قورســـەکان وەك کەرەستەیەکی بەهێزی خۆڕاگری تەندروست بەکاریان هێناوە، ئێستا بۆ جوانی و درەنگ تێکچوون و بەمەبەستی تەندروســـتی بەکاردێت، چونکە لەڕووی تەندروستیەوە هیچ زیانێك بەپشت و جومگەکان ناگەیەنێت و بەهیچ شێوەیەك بۆن پەیدا ناکات، ئەوەش ئـــەو تایبەتمەندییەیە کـــە کڵاش لەپێڵاوەکانیتر جیادەکاتەوە، ئەوەی شـــایەنی باســـە ئەو ماددانەی کڵاشـــیان لێ دروســـت دەکرێت بریتییـــن لە لۆکەو پەمۆ و پێســـتی چێڵ و لە٤٠ کاتژمێردا کڵاش دروست دەکرێـــت، ئـــەو کاتەش بەپێی جۆری کڵاشـــەکە دەگۆڕێت و هەندێ جۆری کڵاشـــی نایاب زیاتر لەپێنج ڕۆژی دەوێت بۆ دروستکردنی.


**ئا: رەوەند بەختیار**



## مەم و زین لەگۆڕیشدا یەکتریان خۆشدەوێت

**رەوەند بەختیار**

زۆرن ئەو داستانە دڵدارییانەی کە تا دنیا ماوە پشتاو پشت دەگێڕدرێنەوەو و بوون بەوێردی ســـەر زار، بوون بەسیمبول و ئەستێرەی خۆشەویستی و وەفاو یەکبوون و پەیمان بردنەســـەر، مەم و زین نموونەی زیندوو و دیاری داستانی خۆشەویســـتی کوردییە، ئەوەی لەمەم و زین بەدی دەکرێ جیا لەخۆشەویســـتی و وەفا وئەوین خۆ بەقوربانکردنیشـــی تێدایەو پەیمان و ڕاســـتگۆیی ئەوان دوای مردنیش هەر بەردەوام بوو، هەردووکیان لەناو یەك گۆڕ وەك دوو خۆشەویستی هەمیشەیی مانەوە کە لەکوردستانی باکوور نێژراون، هەرکاتێك سەیری قەبرو مەزاری ئەو دوو خۆشەویســـتە دەکەی دنیایەك وێنەی جوانی ڕەنج و ماندووبوون و فیداکاری ئەوین و خۆشەویســـتیت دێتـــە بەرچاو کە چۆن بۆیەك ژیاون و لەناو یەکدا تواونەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەورە شاعیری کورد (ئەحمەدی خانی) ئەو داســـتانەی نووســـیوەتەوە و تەنانەت کراوەتە چەندین کتێب و فیلمی تەلەفزیۆنیش.


ئەحمەد خان



# وێنەکێشە شێتەکە!

ڕەنگە ئارەزوومەندانی وێنەکێشان و نیگارکێشان تەنیا لەپەیکەر و سەر کاغەز و دیوار و پەیکەرەکان دەرنەکەون ڕەنگە بەهرە و ئارەزووی مرۆڤەکان شوێن نەناسێت و لەهەر شوێنێك بۆی بڕەخسێ ئەوەی بیەوێ بکات، ئەو کچە بەهرەمەندە تەنانەت لەسەر ئۆتۆمبێل کارامانە دەتوانێ نیگار بکێشێت، ئەو کچە لەوڵاتی بیلاروسیا دەژی و ناوی (ئەلینا)یە، لەهەر شوێنێك بۆی بگونجێ کە جێگەی وێنەکێشان بێ، دەست بەوێنە دەکات، تەنانەت زۆربەی شوفێرەکانی ئەو شارەی لێی دەژی بێزار کردووە، کە وێنە و تابلۆ لەسەر جامی ئوتۆمبێلەکانەوە دەکات، ئەوەی سەیرە تەنیا دەتوانێ لەسەر ئوتۆمبێل کاتێك پیس دەبێ وێنە بکێشی و لەسەر شوێنی پاك هیچی بۆی ناکرێ تا وێنە بکێشێ.



# کراسێک لەقژ



بەبۆنەی هاتنی ساڵی (٢٠١٢)، یەکێك لەدیزانەرانی جلوبەرگ لەوڵاتی ڤێتنام، توانی جوانترین کراس و کڵاو دروست بکات، دوای ئەوەی بیرۆکەیەکی جوانی بۆ هات کە کراس و کڵاو دروست بکات لەمووی قژی مرۆڤ، بەتایبەت قژی کەسایەتییە بەناوبانگەکانی وڵاتەکەی کە (لۆ دونگ و تان لام و نهۆنگ هۆنگ) بوون، دوای ئەوەی هەڵسا بەکۆکردنەوەی قژ و مووی سەری زیاتر لە(٤٥٠) کەس، تاوەکو مووەکان ببێتە داوێکی درێژ کە نزیکەی ملیونێك مەتر بێ، ئەو خانمە دیزاینەرە ناوی (کیم دو)ە و توانی تەنیا بەدەستەکانی ئەو کراسە سەیر و جوانە دروست بکات، هەروەها قوتابییەك لەوڵاتی بەریتانیا لەشاری کامبریدج، بەناوی (کیری) توانی ملوانکەیەك دروست بکات لەقژی مرۆڤ و کە لەشێوەی تاتۆ دەچێ.





# شرێک و فیۆنای بووک و زاوا


زۆربەمان فیلمی کارتۆنی (شرێك)مان بینیوە، کە دێوێکی گۆلەو دیمەنێکی ناشیرینی هەیە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی پاك و دڵێکی گەورەی هەیە، لەفیلمە کارتۆنییەکە شازادەیەك هەیە بەناوی (فیۆنا) کە ئەویش شەوانە شێوەی دەبێتە گۆل و لەڕۆژیشدا دیمەنی ئاساییە، زیاتر لەو فیلمە کارتۆنیەدا باس لەخۆشەویستییەکی پاك دەکات لەنێوان شرێك و فیۆنا، ئەوەی سەیرە، خەڵکێکی زۆر لاسایی ئەو دوو ئەکتەرە کارتۆنییە دەکەنەوە، ئەوەتا لەوڵاتی بەریتانیا، خانمێك بەناوی (کریستین ئینگلاند و کەیت گرین)ە، لەڕۆژی هاوسەرگیری خۆیان، شێوەیان کردۆتە سەر شێوەی شریك و فیۆنا، ئەو کوڕە گەنجە کە (٤٤) ساڵە و لەگەڵ خانمەکەی کە (کریستین)ە، لەرۆژی ئاهەنگی بووك و زاوایی خۆیاندا، لەڕەنگێکی سەوز و سەیردا دەرکەوتن، کە بووە جێگەی خۆشی و سەمەرەی گشت ئامادەبووان، ئەوەی سەیر بێ نەوەك تەنیا ئەو بووك و زاوایە، بەڵکو کەسانی دیکەش هەن لاسایی شرێك و فیۆنا دەکەنەوە، لەپێش ئاهەنگەکەدا بۆ ماوەی (٣) کاتژمێر بووك و زاوا دیار نەبوون، کە خەریکی ئەو ماکیاژەی شریك و فیۆنا بوون.






## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بەبێ دەنگی چارەسەر بکەیت، لەم گۆڕانکارییانەی کە لەماوەی رابردوو بەسەر ژیانتدا هاتوون کەمێك باری سۆزداریتی شێواندووە، بەڵام بێ ئومێد مەبە لەم ماوەیەدا بەخت دەبێتە یاوەرت.




## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هاوڕێیەکی خۆشەویست پێویستی بە بایەخدانی تۆ هەیە، تۆش کە بەکەسێکی وەفادار ناسراوی فەرامۆشی مەکە و هاوکاری بکە.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

گشت مرۆڤێك لەژیانیدا تووشی ناخۆشی و دارمان دەبێت، بۆیە نائومێد مەبەو خۆشت بەدەستەوە مەدە لەهەوڵدانت بەردەوامبە.



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەبواری ئەڤینداریەوە گومان و دوودڵی بەرەو کارەساتت دەبات، بۆیە کەمێك ژیرانە سەرنج لەدەوروبەرکەت بدە، ئینجا تێدەگەیت کە تۆ چەند کەمتەرخەمی.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

زۆر لەهەوڵی ئەوەدای کە هەرچۆنێك بێت و بەهەرشێوەیەك بێت راو بۆچوونەکانی خۆت بەسەر خۆشەویستەکەت بسەپێنی، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر پەیوەندیەکانتان.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

توانایەکی باشت هەیە و دەرفەتیش لەبارە بۆئەوەی بارودۆخی داراییت بەرەو باشتر ببەیت، لەبواری سۆزدارییەوە کەسێك بەداوی ئەوەیە گرفتێکت بۆ دروستبکات.





# ماناى شتەکان لە خەون

**مانگ:** : لەخەودا پادشایەکی دادپەروەرە یان زانایەکی گەورەیە یان پیاوێکی درۆزنە، ئەوکەسەی مانگ لەژوورێکدا ببینێ زەماوەند ئەکات، ئەگەر ئافرەتێك لەخەودا ببینێ مانگ کەوتە ناوماڵەکەی و پارچەیەکی لێ کردەوەو بەپەرۆ پێچایەوە ئەو ئافرەتە کوڕێکی ئەبێت و کوڕەکەی ئەمرێ، ئەگەر ئافرەتێکی بێ ئیمان یان کافر لەخەودا باوەش بکات بەمانگ ئەو ئافرەتە موسڵمان ئەبێت، ئەو کەسەی ببینێ مانگ لەسەر زەوییە دایکی دڵی ناخۆش دەبێ، ئەو کەسەی رووی خۆی لەناو مانگ دا ببینێ ئەمرێ، ئەگەر هاوسەرەکەی دووگیان بێت کوڕیان ئەبێت، لەخەودا مانگ ببێتە ڕۆژ مانای دەست کەوتی پارەو ڕزقە لەباوك و هاوسەرەوە دێت، هەروەها مانگ لەخەودا بەمانای باوك و دایك وخوشك و کوڕو کچ و بازرگانی و ئیش و کار دێت، وتراوە لەوانەیە پاپۆڕیش بێت چونکە دەریاوان بەپێی جموجوڵی مانگ دەڕوات، نەخۆش لەخەودا مانگ ببینێ ئەمرێ، هەور بەردەمی مانگ بگرێت نەخۆشییە یان لەدەست چوونی پارەیە، ئەو کەسەی لەگەڵ مانگ بدوێ پایە بەرزو شکۆمەند ئەبێت.

سەرچاوە: خەوننامە!

## پەندی ناوداران

### ئەنیشتاین و چاپلن بە یەکتر ناکۆکن




ڕۆژێك ئەنیشتاین بە چارلی چاپلینی گوت: دەزانی چی بۆتە هۆکاری ئەوەی کە تۆ لەجیهاندا ناوبانگ دەرکەیت؟ ئەوەیە کە تۆ قسە ناکەیت لەنواندن و هەموو کەسیش لەقسەکانت تێدەگەن.

چارلی چاپلینیش بەپێکەنینەوە گوتی: ئەی تۆ دەزانی چی بۆتە هۆی ناوبانگی تۆ؟ ئەویش ئەوەیە کە تۆ قسە دەکەیت، بەڵام کەس لەقسەکانت ناگات!

### وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی مێشك لە ماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.



## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەرماوز) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |


ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (وەکو شەکر شیرینە، لەگەڵ چای دەخورێت)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ناوێکی دیکە بۆ دەستبەسەر)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆبکەیتەوە بەمانای (باڵندەیەکی ڕەشە و دەنگی تیژە)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+٦)کۆ بکەیتەوە بەمانای (ڕووبارێکە لەمیسر، درێژترین ڕووباری جیهانە)



ئا: فەرهاد محەمەد ئازگەیی







## ئاسۆیی:

١- گۆرانی بێژێکی کوردە خاوەن وێنەکە- چیایەکی کوردستانە .
٢- یانەیەکی ئەڵمانیە(پ).
٣- بەشێکە لە لەش(پ)- بینی(پ)- جۆرە فرۆکەیەکە(پ).
٤- سەرۆکی ڕێکخراوی کشت و کاڵی جیهان(فاو)ە(پ) – مایك(ت).
٥- دوو پیتی کاف.
٦- جۆرە فرۆکەیەکەی سیخوریە- پەیامبەرێکە(پ).
٧- وەکو یەك – شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٨- جۆرە کانزایەکە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٩- یاریزانێکی هۆڵەندیە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو(پ).
١٠- مەکر- وەکو یەك – ڕەنگێکە.
١١- نێچیرگرتن- چیایەکە لە ئەفغانستان.
١٢- گەڕەکێکی شاری هەولێرە(پ)- زام.

## ستوونی:

١- ڕۆمان نووسێکی جیهانی یە خاوەنی ڕۆمانی (میر)ە.
٢- سەرکردەیەکی کوردبوو- دیواری بەشورکە دار(پ).
٣- دوو پیتی کەنفەر- گەرەکێکی شاری هەولێرە.
٤- نەخێر(پ) پێنج پیتی نەورۆز.
٥- جۆرە میوەیەکە(پ)- پێش نەخۆشی.
٦- چوار پیتی دیاری – یاریزانێکی ئینگلیزیە(پ).
٧- بەشێکە لە لەش(پ)- جۆرە چەکێکە(پ).
٨- جۆرە مەشروبێکە(پ)- شاعیرێکە خاوەن چوارینەیە(پ).
٩- دراوێکە(پ)- دورگە یەکە لە ئەفریقیا(پ) – وەکو یەك.
١٠- یاریزانێکی بەرازیلی بوو(پ) – پایتەختی وڵاتێکی ئەورووپیە(پ).
١١- ڕۆمانێکی بەناوبانگە- شاعیرێکی کوردبوو.
١٢- یانەیەکی وەرزشی ئاسیایە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی خواردنێکی کوردیت بۆ دەربچێ.


م ر ا ن ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو ( دۆغەوا )



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئیمڕۆ کەمێك پەستی و نیگەرانی ڕووت تێدەکات و باری دەروونیت ئاڵۆز دەکات، بۆیە واباشترە زیاتر تێکەڵی هاوڕێکانت بیت و قسەکردنیش لەگەڵ دۆستەکەت خەمەکانت سووك دەکەن.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ئیمڕۆ زیاتر بایەخ بەتەندروستیت بدە، لەبواری کاریشدا ئاگاداربە گرفتە خێزانیەکانت لەئیش و کاردا ساردت نەکەنەوە، بیرکردنەوە ڕەشەکان لەخۆت دوور بخەرەوە.




### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

کەمێك ویژدانت بەکاربێنە لەهەڵسوکەتت بەرامبەر دڵدارەکەت، لەدەرنجامی گفتوگۆکەیدا ئەگەیت بەچەند ڕاستییەك کە پێشتر بەهەڵە تێگەیشتبووی.




### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لەبواری ئیش و کاردا بەرەوپێش دەچیت و لەسەرکەوتن نزیك دەبیتەوە، هەروەها لەم ماوەیەدا پلەی کۆمەڵایەتیت دیار و گەشاوە دەبێت.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەبواری کاردا پێویستە زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بکەیت، چونکە کەسانێك لەبۆسە بۆت دانیشتوون، ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنەکانت لەبواری کارەکەتدا.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستە زیاتر بایەخ بەباری ئابووریت بدەیت و بە بەرنامەیەکی ڕێکوپێك کارەکانت ڕێکبخەی، لایەنی سۆزداریت ئەوەندە فەرامۆش مەکە.



## نوکتە

- لەناو بازاڕ کوڕێکی گەنج برنج دەفرۆشێ، هاواری دەکرد: برنجی کوردی. وەرنەوە بۆ برنجی کوردی. لەوکاتەدا یەکێک لەوێوە تێدەپەڕێ، لەکوڕەکە دەپرسێت: باشە من چۆن بزانم ئەمە برنجی کوردییە؟ کوڕەکەش دەڵێ: ئەگەر تۆزێک لەدیاری بوەستیت، ئەی ڕەقیبت بۆ ئەڵێ، ئەوسا دڵنیا دەبیت کە کوردییە.

- ڕۆژێکیان کچێکی جوان بە بەردەم کوڕێکدا دەڕوات کوڕەکە دەڵێت ئەوە چیە ئەو هەموو جوانیە خوا هەموو شتێکی پێداوی تەنیا یەک شت نەبێ! کچکەش دەڵێ ئەو شتە چیە؟ دەڵێت تەنیا ژمارەی مۆبایلەکەی منە!

## دیوانە شیعر




**ئەحمەد هەردی شاعیر لە شیعری چاوەڕوانی بێ هودە دەڵێ :**

هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە
لەسەر ڕێدا ئەوەستم من، هەتاکوو ئاوی پێم دایە
بەدوو چاوێ کە شەوقی چاوەڕوانی ئەیتروکێنێ
بەدوو چاوێ کە سڕی قوڵی لاوێتی ئەدرکێنێ
سەرنجی ڕێ ئەیەم، ڕێگە هەمووی شێوەی ئەوی تیایە
وەکوو دنیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە، وایە
شنەی با باسی جوانی ئەو بەگوێی مندا ئەچرپێنێ
هەموو دەرکەوتنی شۆخێ دڵی من دائەخورپێنێ

بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە
کە سەرتاپا لەئاوازی بەهەشتی خواوە پەیدایە
بەڵێ کاتێ ئەو دەرکەوت ئیتر من بێسەر و شوێنم
بەتیشکی خۆری جوانی ئەو بەجارێ قوڵپەدا خوێنم
وەکو چۆن نەونەمامێک گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ
لەشم موچوڕکی دڵداری وەها ناخی ئەبزوێنێ

**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**

## نوکتە



- لەنـــاو بـــازاڕ کوڕێکـــی گەنج برنج دەفرۆشێ، هاواری دەکرد: برنجی کوردی. وەرنەوە بـــۆ برنجی کـــوردی. لەوکاتەدا یەکێک لەوێـــوە تێدەپـــەڕێ، لەکوڕەکە دەپرسێت: باشە من چۆن بزانم ئەمە برنجی کوردییە؟


کوڕەکـــەش دەڵـــێ: ئەگـــەر تۆزێک لەدیاری بوەستیت، ئەی ڕەقیبت بۆ ئەڵێ، ئەوسا دڵنیا دەبیت کە کوردییە.

* * *

- ڕۆژێکیان کچێکی جـــوان بە بەردەم کوڕێکدا دەڕوات کوڕەکە دەڵێت ئەوە چیە ئـــەو هەموو جوانیە خوا هەموو شـــتێکی پێداوی تەنیا یەک شت نەبێ!

کچکەش دەڵێ ئەو شـــتە چیە؟ دەڵێت تەنیا ژمارەی مۆبایلەکەی منە!

## دیـوانـە شـیعر



**ئەحمەد هەردی شاعیر**
**لە شیعری چاوەڕوانی بێ هودە دەڵێ :**

هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە
لەسەر ڕێدا ئەوەستم من، هەتاکوو ئاوی پێم دایە
بەدوو چاوێ کە شەوقی چاوەڕوانی ئەیتروو کێنێ
بەدوو چاوێ کە سڕی قوڵی لاوێتی ئەدرکێنێ
سەرنجی ڕێ ئەیەم، ڕێگە هەمووی شێوەی ئەوی تیایە
وەکوو دنیا لەناو جوانی ئەوا تواییتەوە، وایە
شنەی با باسی جوانی ئەو بەگوێی مندا ئەچرپێنێ
هەموو دەرکەوتنی شۆخێ دڵی من دائەخورپێنێ
بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە
کە سەرتاپا لەئاوازی بەهەشتی خواوە پەیدایە
بەڵێ کاتێ ئەو دەرکەوت ئیتر من بێسەر و شوێنم
بەتیشکی خۆری جوانی ئەو بەجارێ قوڵپەدا خوێنم
وەکو چۆن نەونەمامێک گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ
لەشم موچوڕکی دڵداری وەها ناخی ئەبزوێنێ

**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیک**

# مانای شتەکان لە خەون

**مانـــگ:** : لەخەودا پادشـــایەکی دادپـــەروەرە یان زانایەکی گەورەیە یان پیاوێکی درۆزنە، ئەوکەســـەی مانـــگ لەژوورێکدا ببینێ زەماوەنـــد ئەکات، ئەگەر ئافرەتێك لەخەودا ببینێ مانگ کەوتە ناو ماڵەکەی و پارچەیەکـــی لێ کردەوەو بەپەڕۆ پێچایەوە ئەو ئافرەتە کوڕێکی ئەبێت و کوڕەکەی ئەمرێ، ئەگەر ئافرەتێکی بێ ئیمان یان کافر لەخەودا باوەش بکات بەمانگ ئەو ئافرەتە موســـڵمان ئەبێت، ئەو کەسەی ببینێ مانگ لەسەر زەوییە دایکی دڵی ناخۆش دەبێ، ئەو کەسەی ڕووی خۆی لەنـــاو مانگ دا ببینێ ئەمرێ، ئەگەر هاوســـەرەکەی دووگیان بێت کوڕیـــان ئەبێت، لەخەودا مانگ ببێتە ڕۆژ مانای دەســـت کەوتنی پارەو ڕزقە لەباوك و هاوســـەرەوە دێـــت، هەروەها مانگ لەخەودا بەمانای باوك و دایك وخوشك و کوڕو کچ و بازرگانی و ئیـــش و کار دێـــت، وتراوە لەوانەیـــە پاپۆڕیش بێت چونکـــە دەریاوان بەپێی جموجوڵـــی مانگ دەڕوات، نەخۆش لەخەودا مانگ ببینێ ئەمرێ، هەور بەردەمی مانگ بگرێت نەخۆشییە یان لەدەست چوونی پارەیە، ئەو کەسەی لەگەڵ مانگ بدوێ پایە بەرزو شکۆمەند ئەبێت.


سەرچاوە: خەوننامە!



لەم وێنەیەدا شتێکی سەیر هەیە بیدۆزەوە

### پەندی ناوداران

## ئەنیشتاین و چاپلن بە یەکتر ناکۆکن




ڕۆژێك ئەنیشـــتاین بە چارلی چاپلینی گـــوت: دەزانی چی بۆتە هۆکاری ئەوەی کە تۆ لەجیهاندا ناوبانگ دەرکەیت؟ ئەوەیە کە تۆ قسە ناکەیت لەنواندن و هەموو کەسیش لەقسەکانت تێدەگەن.

چارلی چاپلینیش بەپێکەنینـــەوە گوتی: ئەی تۆ دەزانی چی بۆتە هـــۆی ناوبانگی تۆ؟ ئەویش ئەوەیە کە تۆ قســـە دەکەیت، بەڵام کەس لەقسەکانت ناگات!

### وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بـــۆ زانینی ئاستی مێشك لە مـــاوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبـــەش لەم دوو وێنەیـــە بدۆزەوە.



## بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەرماوز) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتاییی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بەمانای (وەکو شەکر شیرینە، لەگەڵ چای دەخورێت)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ناوێکی دیکە بۆ دەستبەسەر)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆبکەیتەوە بەمانای (باڵندەیەکی ڕەشە و دەنگی تیژە)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+٦)کۆ بکەیتەوە بەمانای (ڕووبارێکە لەمیسر، درێژترین ڕووباری جیهانە)